هیچ ڕۆژووگرتنێک باشتر نییە لە ڕۆژووگرتنی داودی برام - نیوەی ساڵ-، ڕۆژێک بەڕۆژوو بە وەرۆژەکەی تر بیشکێنە

عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی ووترا کە من دەڵێم: واللە هەموو ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبم، وهەموو شەوێک شەونوێژ دەکەم هەتاوەکو لە ژیاندا بم»، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تۆ بوویت کە ئاوات ووت؟»، پێیم ووت: (بەڵێ) من ووتم -باوک ودایکم بە قوربانت بن-. فەرمووی: «تۆ ناتوانیت، (ڕۆژانێک) بەڕۆژوو بە؛ ڕۆژەکانی تر بیشکێنە، و(بەشێک لە شەو) هەستە (بۆ شەونوێژکردن) و (بەشێکی تر لە شەودا) بخەوە، لە مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە، چاکە بە دە هێندەیە، وئەمیش وەکو ڕۆژووگرتنی هەموو ساڵەکە وایە»، ووتم: من توانای لەوە باشترم هەیە، فەرمووی: «ڕۆژێک بەڕۆژوو بە و ڕۆژەکەی تری بیشکێنە، ئەمە وەکو ڕۆژووگرتنی داودە، وباشترین (شێوازی) ڕۆژووگرتنە»، ووتم: من توانای لەوە باشترم هەیە، فەرمووی: «هیچ ڕۆژووگرتنێک باشتر نییە لە ڕۆژووگرتنی داودی برام -نیوەی ساڵ-، ڕۆژێک بەڕۆژوو بە وەرۆژەکەی تر بیشکێنە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی ووترا کە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- سوێندی خواردووە کە هەموو ڕۆژێک بەڕۆژوو بێت، وهەموو شەوێک شەونوێژ بکات ونەخەوێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێیکرد: ئایا وای وتووە؟ ئەویش (عبداللە) ووتی: بەڵێ، فەرمووی: ئەمە قورسە لەسەرت وناتوانیت، وڕێنموێنی کرد بۆئەوەی هەندێک کات ئیسراحەت بە ماندووبوونی لاشەی خۆی بدات وهەندێک کاتی تر پەرستن ئەنجامبدات بە ڕۆژووگرتن وشەونوێژکردن، وئامۆژگاری ئەوەی کرد لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت؛ بۆئەوەی پاداشتی ڕۆژووگرتنی هەموو ساڵەکەی دەستبکەوێت، (عبداللە) پێی ووت ئەو توانای لەوە زیاتری هەیە، وبەردەوام داوای زیاتری کرد هەتاوەکو لە باشترین شێوازی ڕۆژووگرتن وەستا، ئەویش ڕۆژووگرتنی پێغەمبەر داودە -علیه السلام-، کە ڕۆژێک بە ڕۆژوو دەبوو وڕۆژەکەی پاشی دەیشکاند، بەڵام ئەو ووتی توانای لەمە زیاتری هەیە ئەمیش بەهۆی سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی خێر بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: هیچ ڕۆژوویەک لەمە باشتر نییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4542